Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090407

# نیرۆ پراگماتیك

دارا حەمید محەمەد

بەشی کوردی// کۆلێجی پەروەردە // زانکۆی گەرمیان

## Article Info

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

## Keywords

پراگماتیك"سیستەمی دەماری" زمانەوانی دەماری، مێشك.

## Corresponding Author

dara.hamid@garmian.edu.krd

پوختە

نواندنی ناوەوەی زانیاریە زمانییە گەنجکراو و هەڵگیراوەکانی هەموو ئاستەکانی زمان (دەنگسازی، وشەسازی ، ڕستەسازی، واتا) لە ئاوەز و لەناو خانە و ڕیشاڵەدەمارییەکانی مێشکدا دەبن، زمانەوانی دەماری وەك یەکێك لە نوێترین لقەکانی زمانەوانی کار لەسەر پەیوەندی نێوان زمان و دەمار و پێکهاتەی زمان لەناو ئەو سیستەمە دەماریانەدا دەکات، پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە زمان و چارەسەرکردنی ئەو پرۆسانە لە ناو ملیاران خانەدەماری و ڕێشاڵەدەمارییەکانی مێشکدا کاری زمانەوانی دەمارییە، واتاش وەك ئاستێکی چالاکی زمان لەناو ئەو سیستەمە دەمارییەدایە، کە لەناو ئاوەز و مێشك و توێکڵی مێشکدان. ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی(نیرۆپراگماتیك)هوەیە، هەوڵدەدات شوێنی هەرێمەکانی زمان و بەرهەمهێنانی جۆرێکی گرنگی واتا، کە داهێنانی ئاوەزە ئەویش واتای پراگماتیکییە لەناو مێشکدا دەستنیشان بکات، توێژینەوەکە لەسێ بەش پێکهاتووە و بەپڕەوکردنی میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی ئەنجامدراوە .

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی( نیرۆ پراگماتیک)هوەیە کار لەسەر پەیوەندی نێوان زمان و دەمار دەکات، بەوپێیەی زمان بەرهەمهێنراوی ئاوەزە، ئاوەزیش وەک بەشێکی مێشك لە ملیۆنان ڕیشاڵی دەماری و خانەی دەماری پێکهاتووە و مژارەکانی زمانی تێدا چارەسەردەکرێن، یەکێکیش لەو مەسەلانە واتایە، بۆیە توێژینەوەکە بەرهەمهێنانی واتا لە ئاوەزدا بەتایبەتی (شوێنی واتای پراگماتیکی لە مێشکدا) بە گرفتێك دەزانێت و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات، توێژینەوەکە بە میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی بە پێرەوکردنی بۆچوونەکانی (ئۆبلەر) شیکارەزمانییەکانی دەکات، کەرەستەی زمانی توێژینەوەکە زاری ناوەڕاستە. توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: ئایا زمان تەنها بەرهەمی سیستەمی دەمارییە ؟زمان دەکەوێتە کام بەشی مێشك ؟ هەردوو بەشی مێشك ڕاست و چەپ پەیوەست بە زمان سەربەخۆ کاردەکەن یان هەماهەنگی لەنێوانیاندا هەیە؟ پراگماتیك لە کام بەشی مێشکدا بەرهەمدەهێنرێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەند بابەتێکیتر ئامانجی توێژینەوەکەیە، کە لەسێ بەش پێکهاتووە، بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم: بەناونیشانی(زمانەوانی دەماری)یەوەیە و تایبەتە بە سەرەتایەکی زمانەوانی دەماری و بابەتەکانی ئاوەز و فەرهەنگی ئاوەزی و بەشەکانی مێشك .

بەشی دووەم بەناونیشانی(پراگماتیك و سیستەمی دەماری)یەوەیە و باس لە پراگماتیك و توانستی پراگماتیکی و شوێنی پراگماتیك لە مێشکدا دەکات .

بەشی سێیەم تایبەتە بە نەخۆشییەکانی مێشك و کاریگەریان لە سەر زمان و بەتایبەتی ڕەنگدانەوەیان لە بەرهەمهێنانی واتای پراگماتیکیدا.

لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، ئینجا ئاماژە بۆ ژێدەر و سەرچاوەکان کراوە و پوختەیەکی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو .

## بەشی یەکەم: زمانەوانی دەماری

1-1- توێژینەوەکانی زمانەوانی دەماری لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان زمان و دەمارداییە، چۆنییەتی بەرهەمهێنان و وەرگرتن و تێگەیشتن لە زمان دەچنە خانەی کاری زمانەوانی دەمارییەوە، ئەم زانستە بابەتگەلێکی.زمانی گرنگ دەگرێتەوە. وەك: دەستنیشانکردنی ناوەندی توانست و توانای زمانیی تاك و ڕۆڵی بەشەکانی هەریەك لە لای ڕاست و چەپی مێشك لە پرۆسەی فێربوون و وەرگرتنی زماندا(جبل"2007: 3) . نواندنی ناوەوەی زمانی لەهەموو ئاستەکانی زمان . کاری زمانەوانی دەماری و گرێدراوی کاری فەرهەنگی ئاوەزییە، ئەمەش لەڕێی ڕیشالەدەمارییەکانەوەدەبێت و بەمەبەستی گەیشتن بەچۆنییەتی کاری فەرهەنگی ئاوەزی و شێوازەکانی ئەنجامدانی پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی زمان و وەرگرتن و گەنجکردنی زانیاری زمانییە لە ئاوەزدا ئەحمەد،2021: 28).

بیرکردنەوە کرۆکی پرۆسەی تێگەیشتنە لە زمان دوای بەکۆدکردن و ئاراستەکردنی کۆدەزمانییە بەرهەمهێنراوەکان، شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی کۆدەکان پێویستن بۆ تێگەیشتن لە پەیامی ئاراستەکراو، کە لێتێگەیشتنی کردەیەکی ئاڵۆزە چونکە بەپێی بۆچوونی(جۆن لوتز) ئەوەی دەگوترێت بەئاخاوتن وەك چیای بەفری ناو دەریایە، واتە بەشی کەمی بەدەرەوەیە و بەشی زۆری شاراوەیە، ئەوەی بەرهەمدەهێنرێت و دەوترێت لەڕێی هەواوە وەك دەنگ دەگوێزرێتەوە بەشێکی کەمی وتنەکانە بەشی زۆری ئاخاوتنەکە شاراوەیە و پەیوەستە بە کۆزانیاری و دەسەڵاتی ئاخێوەر لە چۆنییەتی ئاراستەکردنی پەیام و ئینجا وەرگرتن و لێکدانەوە و هەڵوەشاندنەوەی کۆدەکان بەپێی ئەزموون و شارەزایی لای گوێگر(السید"2015: 32) ، ئەوەش بەچەند هەنگاوێك دەبێت : هەنگاوی یەکەم لای ئاخێوەروەوە دەسپێدەکات و لەئەنجامی هۆکاری ناوەکی بێت وەك هەستکردن بە برسێتی ، ئازار، بیرکەوتنەوە..تد یان هۆکاری دەرەکی بێت و وروژێنەرێك پاڵنەر بێت گوتنێك لەشێوەی پەیامێکدا دوای پرۆسەی بەکۆدکردن لەڕێی دەنگەوە ئاراستەی گوێگردەکات، هەنگاوی دووەم گۆڕین و گواستنەوەی دەنگەکانە بەشەپۆلە هەواییەکاندا بۆ گوێ و ئینجا ئاوەزی گوێگر، هەنگاوی سێیەم گوێگر دووبارە بنیاتنانەوەی کۆدەزمانییەکانە لەڕێی گۆڕینی شەپۆلە دەنگییەکانەوە بۆ پەیامێك هەڵگری واتا و مەبەستی ئاخاوتنەکە بێت، (سەرچاوەی پێشو:33 ) . هەموو ئەو کردە ئاڵۆزانە لەڕێی سیستەمی دەماری و لە ئاوەزدا ئەنجامدەدرێت و لە کایەی نیرۆزمانەوانییدا لێیدەکۆڵرێتەوە.

### 1-2- سەرەتا و پوختەی زمانەوانی دەماری

وەك سەرتا لێکۆڵینەوە دەمارییەکان پەیوەست بە زانستی ئەنۆتۆمیەوەبوو، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم پزیشکی فەرەنسی(باول بروکا) لەڕێی توێکاریکردنی مێشکی ئەو مردووانەی گرفتی زمانگرتنیان هەبوو توانی ناوچەی بەرپرس لە بەرهەمهێنانی زمان لە مێشکدا دەستنیشان بکات و ئەو ناوچەیەش بەناوی پزیشکەکەوە ناسرا(ناوچەی بروکا)، کە دەکەوێتە لای پێشەوەی بەشی چەپی مێشك و سەرووی گوێی چەپی مرۆڤ. دەساڵ دواتر )وێرنیکا)ی پزیشکی جێرمانی توانی بیسەلمێنیت، کە چەند ناوچەیەك هەن لە مێشکدا بەرپرسن لە زمان و بەرهەمێنان و تێگەیشتن لە زمان، لەوڕووەوە ناوچەیەکی لای پشتەوەی بەشی چەپی دەستنیشانکرد، کە بەرپرسە لە درککردن و تێگەیشتن لە زمان ئەو ناوچەیەش بە (ناوچەی وێرنیکا) ناسرا . دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەو دووناوچەیە هەنگاوێکی گرنگبوو بەئاراستەی هاتنەکایەی زمانەوانی دەماری و گەشەکردنی، چونکە خودی دۆزینەوەکان لەسەر بنەمای گرفتەزمانییەکانبوون (جبل"2007: ).

وێنەی(1) ناوچەی برۆکا و وێرنیکا لە مێشکدا




سەرچاوەی وێنە(گۆگڵ)

زمانەوانی دەماری لەسەدەی بیستەمدا و بەتایبەتی لە دوای دەیەی پێنجەم، گەشەکردنی زۆری بەخۆوە بینی بەتایبەتی لەسەر دەستی هەردوو زانا (ئیریك لینبیرگ)و(ڕۆمان جاکوبسن) . لینبیرگ لە ساڵی 1967 کتێبێکی بەناوی بنەما بایۆلۆجییەکانی زمان( The Biological Foundations of Language) بڵاوکردەوە و گەلێك بابەتی گرنگی زمانەوانی دەماری وروژاند . لەوانە: شوێنە تایبەتەکانی زمان لە مێشکدا ، قۆناغی هەستیار بۆ فێربوونی زمان، کاریگەری زمان لەسەر درککردن، ئەمەشیان وابەستەیە بە زمانەوانی درکپێکردنەوە، زمانەوانی درکپێکردنیش زمان وەك ئامرازێك بۆ ڕێکخستن و چارەسەرکردن و هەڵگری زانیاری دەبینێت ، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت شیکردنەوە بۆ بنەمای (چەمکی و ئەزمونگەریی)هکانی کەتیگۆرییە زمانەوانییەکان بکرێت(قادر"2013: 78)... جاکۆبسونیش کاری زۆری لەسەر زمانەوانی دەماری کرد، بەڵکو بەیەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەم لقەی زمانناسی دادەنرێت ، لەو بابەتانەی جاکوبسون کاری لەسەردەکرد: سروشتی تێکچوونی زمان و پەیوەستبوونی بە گرفتی مێشکەوە ، بەگشتیش زمانەوانی دەماری کار لەسە ئەم بابەتانە دەكات :

جیاوازییەکانی نێوان مێشکی مرۆڤ و مێشکی تەواوی گیانلەبەرانیتر، کە یارمەتیدەری مرۆڤە لە خاوەندارێتیکردنی زمان . دیاریکردنی توانا زمانییەکانی هەریەك لەلای ڕاست و چەپی مێشك و خستنەڕووی شوێنی زمان لە مێشکدا . گرفتەکانی زمان کە لە خراپبوونی مێشکەوە سەرچاوەدەگرن (جبل،2007: 9).

-1-3 ئاوەز :

بیکرتون، پێی وایە، گەر وایدانێین ئەوە مێشکە خاوەنی توانایەکی باڵایە و سەرچاوەی زیرەکی مرۆڤە، ئەو زیرەکییەش توانای ڕاڤەکردنی گەشەکردنمانی هەیە وەك مرۆڤ، هەڵەیەکی گەورەیە گەر بلێین سەرچاوەی ئەو زیرەکییەی مرۆڤ زمانە، کەواتە زیرەکی بەرهەمی توانایەکی شاراوەیتری مێشکە(احمد" 2019: 84). بەمەش (بیکرتون) گەشەکردنی مرۆڤ بەهۆی زمانەوە ڕەتدەکاتەوە و وابەستەی توانایەکی شاراوەی دەکات لە مێشکدا لەوانە وێنە ئاوەزییەکان، وێنە ئاوەزییەکان توانایەکی مێشکن، ئەو وێنانەی پەیوەستن بە سایکۆلۆژیای درکپێکردن و سایکۆلۆژیای گەشەکردنەوە، وێنە ئاوەزییەکان هەموو ئەو ئەزموونە ئاوەزیانە دەگرنەوە، کە مرۆڤ بەهۆی هەستەکانییەوە بەدەستی هێناون، وێنە ئاوەزییەکان هەموو ئەو چەمکە گشتییە بەدەستهاتووەن، کە لە ئەنجامی ئەزموونەکانمانەوە بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەروبەرماندا پێی گەیشتووین(ئەحمەد و حەسەن"2017: 57 )(چۆمسکی)ش بۆچوونی وایە کە (داروین) یەکەم کەس نەبوو مرۆڤی لە گیانلەبەرەکانیتر جیاکردەوە بەوەی مرۆڤ بەهۆی وابەستەکردنی دەنگەجیاواز و بیرەکانەوە توانای گەشەکردنی هەیە، بەڵکو داروین ئاماژەی بۆئەوەکرد، تەنها مرۆڤە توانای پەیوەستکردنی دەنگەکانی بە بیرەکانەوە هەیە، ئەوەش یەکێکە لەتوانا زمانییەکانی مرۆڤ، واتە توانای شاراوەیتر لە مرۆڤدا هەیە کە سەرچاوەکەی مێشکە. هەردوو بۆچوونی (چۆمسکی و بیکروتن) جەخت لەسەر بونی توانای شاراوەی زیاتر لەوەی دەبینرێت و هەستپێدەکرێت هەیە لە مێشکی مرۆڤدا، هەرئەمەشە داروینی گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی بەرهەمهێنانی زمان لەڕێگەی وابەستەکردنی دەنگ و بیر بەیەکێك لەو توانایانە دابنێت، کە مرۆڤی پێلەگیانلەبەرانیتر جیادەکریتەوە، بەڵگەی ئەوەشە کە توانای زیاتر لە مێشکی مرۆڤدا هەیە و دەکرێت وەك سەرچاوەی جیاوازی لەگەڵ گیانلەبەرانیتر سەیربکرێت . ئەو توانایانەش لە سیستەمی دەماری و ستراکچەری مێشك و ئاوەزی مرۆڤدان . بەبۆچوونی(ئوبلەر و جیرلو) ئەوەی مەبەستی زمانەوانی بێت لە سیستەمی دەماریدا پەیوەندییە ناوەنجییەکان و ڕێگاکانی پەیوەندیکردنی پێکهاتە و ناوچە جیاوازەکانی ناوەوەی هەردوو نیوە گۆی مێشکە، هەروەها پەیوەندی نێوان مێشك و جەستەی مرۆڤ لە ڕێی سیستەمی دەمارییەوە (ئوبلر، جیرلو:2010: 17) بێگومان ئەو پەیوەندییانە ڕۆڵی بەرچاویان لە بەرهەمهێنانی زمان و هێما زمانی و نازمانییەکاندا هەیە، لەمڕووەشەوە زمانەوانی درکپێکردن هەوڵدەدات لە ڕێی شیکردنەوەی زمانەوانییەوە ڕاڤەی چۆنییەتی کارکردنی پێکەوەیی ئاوەزی مرۆڤ و جەستەی مرۆڤ پەیوەست بەزمانەوە شیبکاتەوە(قادر"2012: 84) . سیستەمی دەماری مرۆڤیش بەپێی بۆچوونی ئۆبلەر لە سێ بەش پێکدێت : بەشی یەکەم بەناوی سیستەمی دەماری ناوەندیی( system central nervous) کە لە مێشك و دڕکەپەتك پێکدێت، بەشی دووەم لە سیستەمی دەماری چێوەیی و سیستەمی دەماری سەربەخۆ کە سەربەخۆ ئەرکەکانی بەجێدەهێنێت (ئۆبلەر و جیرلۆ،2010 :18) . ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە تەواوی بەشەکانی سیستەمی دەماری پێکەوە کاردەکەن و هیچ بەشێك بەسەربەخۆ ناتوانێت کارەکانی وەك پێویست ئەنجام بدات ئەمەش وای لە(جیرت ڕیکهارد) کرد بگاتە ئەوەدەرئەنجامە، کە پێناچێت ناوچەیەکی تایبەت لە مێشکدا هەبێت بۆ چارەسەری مژاری زمان و بابەتە زمانییەکان ، بەڵکو ئەو ناوچانە بابەتی زمان و ئەرکیتریش بەجێدەهێنن هەروەك چۆن هەندێك ناوچە هەن پەیوەندییان بە زمانەوە نییە بەڵام بۆ چارەسەری هەندێك بابەتی زمانیی چالاك دەبن . (احمد" 2019: 180) . یان زۆرجار ئەو ئەندامەی پەیوەندی بەزمانەوە نییە و لە هەندێك دۆخی خراپبوونی ناوچەیەکی زمان یان هەر بەشێکیتری مێشك ئەو دەتوانێت قەرەبووی ناوچە خراپبووەکە بکات بەڵام بەتوانایەکی کەمتر ، بۆنمونە توانای بەکارهێنانی زمانی جەستە لای ئەوکەسانەی توانای بیستن لەدەست

دەدەن، ئەمانە بەڵگەی ئەوەن کە تەواوی بەشەکانی مێشك پێکەوە هاوکارن لە چارەسەرکردنی مژارەکانی زمان . بۆنمونە تۆڕەکانی پەیوەنیدکردن کە ملیۆنان هێڵی پەیوەندی بەیەکەوە دەبەستن بەڵام تەواوی پەیوەندییەکانی لەڕێی ناوەندێکەوە دەبێت، هەرگرفتێك لەناوەندەکەدا ڕوودات گرفت لەبەشێك یان تەواوی پەیوەندی هێڵەکان بەیەکەوە دروست دەبێت، بەهامنشێوە کارکردنی سیستەمی دەماریش تەواوی خانەدەماریی و ڕیشاڵەدەمارییەکان پەیوەندییان پێکەوەهەیە و کۆنترۆڵی هەمووشیان لە ئاوەزدایە .

-1-4 فەرهەنگی ئاوەزی

فەرهەنگی ئاوەزی کۆگایەکە بۆ گەنجینەکردنی زانیاری زمان، لە فەرهەنگی ئاوەزیدا تەواوی زانیاری زمانی ئاستەکانی دەنگ و وشە و سینتاکس و سێمانتیك گەنج دەکرێن، شێوازی ڕێکخستنی وشەکان لە مێشکدا دەخاتەڕوو . ((فەرهەنگی ئاوەزی پێشخانی کۆزانیاری زمانیی مرۆڤە، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، کە زانیارییە فۆنۆلۆژی و مۆفۆفۆلۆژی و سینتاکسی و واتاییەکان لە فەرهەنگدا هەڵگیراون و ئاخێوەری زمان لە قسەکردندا ئەو زانیارییانە بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنێت،(مەعروف"2020: 7) .فەرهەنگی ئاوەزیی وەك وشەنامەی مێشك لێیدەڕوانرێت و بریتییە لە پێڕەوێکی چەمکی زیاتر لە کۆگای تێکردەکان، پێڕەوێک لە چەمکەکان و پەیوەندییە زمانییەکان پێکدێت و هەردوولایەنی فۆنۆلۆژی و ئۆرسۆگرافی لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پرۆسەکردنی لێکسیکی بەمەش دەستپێداگەیشتنەوە و بەدەستهێنانەوە ئەرکی ئەم فەرهەنگە دەبێت. بەوشێوەیە فەرهەنگی ئاوەزیی وەك ڕێکخراوی ئاوەزیی گەنجی وشەی تاك دەبێت (مەحموود،2012: 141).

فەرهەنگی ئاوەزی پەیوەست بەڕێزمانەوە ئەو بەشە پێکهاتەیەی زانینە زمانییەکەیە، کە زانیاری دەربارەی یەکە زمانییە سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییەکان خەزن دەکات کە چیدی ناتوانرین شیبکرێنەوە، زانیاریی وەک ئەوانە پەیوەستن بە فۆرمی فۆنۆلۆژیی و فۆرمی فۆنەتیکییەوە، لەناو ئەوانەشدا دروستەکانی بڕگە، دروستەکانی زرنگە، دروستەکانی قورسایی خستنەسەر، پەیوەستن بە دروستە مۆرفۆلۆژییەکان و خەسڵەتە سینتاکسییەکانی وشەکان و بە واتای وشەوە و بە واتا و ناوەڕۆکی سیمانتیکی و پراگماتیکییەوە) (مەحویی،٢٠٠٦: ١٢).

فەرهەنگی ئاوەزی تەواوی زانیارییەکان لەسەر ئاستی مۆرفیم و وشە و دەربڕاوە چەسپاوەکانن، ئەو زانیارییانە لایەنی فۆرمی لۆجیکی دانە فەرهەنگییەکان و دروستە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و پێکهاتە واتاییەکانیش لە خۆدەگرێت . چۆنییەتی بەکارهێنانی وشە و زانیاری زمانی گەنجکراو لە فەرهەنگی ئاوەزیدا کە قسەپێکەری زمانێك شارەزایی تەواوی لەبارەیانەوە هەیە دەبێتە ئەرکی زمانەوانی لە دیراسەکردنی فەرهەنگی ئاوەزیدا .(مەحمود،2012: 143) نواندنی زانیارییە گەنجکراوەکان و هینانەوەیان بەمەبەستی بەکارهێنانیان لە کردەی پەیوەندیکردندا لە بابەتە گرنگەکانی فەرهەنگی ئاوەزیین(( فەرهەنگی ئاوەزیی، نواندنی زانیاریی سایکۆلۆژیی لێکسیکەکانی زمانە، کە مرۆڤ لە یادگەی سێمانتیکیدا خەزنی دەکات، لەبەرئەوە بوارەکانی ناسینەوەی وشە، ڕێکخراوەیی ناوەوەی سێمانتیکییانە و مۆرفۆلۆژیانەی فەرهەنگی ئاوەزیی و هێنان و گونجاندنی زانیارییەکان لە ناوەڕۆکی گفوگۆدا یان دەقدا لە گرنگترین بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی ئاوەزین. هەموو ئەم بوارانەش، کورت و پوخت ئاماژە بەو چەمك‌و زانیارییانە دەدات، کە لە دروستەیەکی فۆنۆلۆژیدا لەقاڵبدەدرێن و لە سنوری سێمانتیکدا بە سێمانتیکی فەرهەنگی دەناسێنرێت(ئەحمەد، 2013: 10) . )) .

بەهۆی ئەوەی کارکردنی زمان لە ناومێشکدا لە دروستەی قوڵدایە، تێبینیکردنی ئاسان نییە، بەپێی بۆچوونی( مۆنیکاشفارتس) پێویستە زانستی زمانی دەماری درککردن و توانا زمانییەکانی هەرکەسێك دەستنیشان بکات . زمان خاوەنی توانایەکە بەرهەم و سەرچاوەکەی چەند توانایترە ، لەوانە: درککردن کە_ سیستەمی دەماری ئەنجامی دەدات، سیستەمی درککردنی مەعریفە خاوەنی بنەمایە و ڕێسای تایبەت حوکمی دەکات . مۆنیکا بەپێویستی دەزانێت کە دیراسەی بنەما و یاسا دەماری و درککردنییەکان بکرێت کە حوکمی بەرهەمهێنانی زمان دەکەن، لەڕێی کردە دەماری و درککردنەکانەوە، کە توانای زمانی بەرهەمدەهێنن.(احمد"2019: 183 ) . بەپێی تیۆریی سیمانتیکی درکپێکردن واتا لەوکەسەی بەرهەمیدەهێنێت جیاناکرێتەوە، بەوپێیەی واتا ئاستێکی بەرهەمی زمانییە و لەئاوەزدایە، کەواتە واتا لە ئاوەزی تاکدایە و لەڕێی ئەو ملیۆنەها ڕیشاڵەدەمارییانەوە لەنێوان بەشەکانی مێشکدا دەگوێزرێنەوە، بەپێی ئەو تیۆرییە فۆرمەزمانییەکان خۆیان بنیات نەناوە بەڵکوسەرەداوێکن واتا لەئاوەزدا چالاك دەکەن، ئەو چالاککردنەش بەپێی تاکەکان جیاواز دەبێت، هۆکاریشی پەیوەستبوونی لێکدانەوە واتاییەکانە بە ئاوەزمەندی و ئەزموونی تاکەکانەوە(ئەحمەد و حەسەن2017: 51) .

-2 بەشی دووەم: پێکهاتەی مێشکی مرۆڤ

-2-1 مێشك و بەشەکانی:

مێشکی مرۆڤ ئاڵۆزترین دەزگای پێکهاتەی بایۆلۆجی مرۆڤە و لەڕێی سەدان ملیار خانە و دەیان دەزگای ڕیشاڵی و مووەدەمارەوە کارو ئەرکەکانی بەجێدەگەیەنێت، مێشك لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت بەشی لای ڕاست و بەشی لای چەپ، هەر بەشێکیش لە بەشەکانی ڕاست و چەپ لە دوو بەش پێکدێن واتە مێشك دەبێتە چوار بەشەوە، ئەمەش بەپێی توێژینەوەکانی (نید هێرمانی) ئەمریکایی( جبل"2007: 12 ). سەرباری بوونی پەیوەندی پتەو لەنێوان هەردووبەشی ڕاست و چەپ بەڵام ئەرکەکانی مێشك بەپێی بەشەکان دابەشکراون:

یەکەم: بەشی لای چەپی مێشك: نیوەی چەپ: بە ئاگایی و زمان و لۆجیک و بیرکاری و مێژوو و زانست و نوسین، دەگرێتەوە . بەپێی (هێرمان) بەشی سەرەوەی لای چەپ ناوچەی برۆکا لەخۆ دەگرێت ( و بەرپرسە لە شیکردنەوە ، لۆجیك، ڕەخنە، هەڵسەنگاندن) . بەشی پشتەوەی لای چەپ کە ناوچەی وێرنیکا لە خۆدەگرێت و ئەرکەکانی(ڕێکخستن ، هەڵسوکەوت، وردی، پلاندانان) . بەجێدەهێنێت .

دووەم بەشی لای ڕاستی مێشك دیسانەوە لە دوو ناوچە پێکدێت، ناوچەی سەرەوەی لای ڕاست، ئەم ناوچەیە داهێنانەکانی مێشك و بیرکردنەوەی

ستراتیجی و ئەزموون و دۆزینەوەکان دەگرێتەوە، بەشی پشتەوەی لای ڕاست هەست و سۆز و بەزەیی و زۆروتن دەگرێتەوە .(دزەیی"2013: 24) .

نیوەی ڕاستی مێشك نیوەی بێئاگاییە، بەرپرسە لە ئەندێشە و بۆچوون و ناسینەوەی مرۆڤ و داهێنانی هونەری، وەک: وێنەکێشان و پەیکەرتاشین و ئاواز دانان.....تاد). (سەرچاوەی پێشوو:19)واتە نیوەی ڕاست زیاتر بیرکردنەوەکانیان داهێنەرانەیە، و ئەو شتانە دەکات کە تا ڕادەیەک مەحاڵە ، هەمیشە هەوڵدەدات شتی نوێ و زانیاریی زیاتر بدۆزێتەوە و بۆچوونی جیاوازی هەبێت دەربارەی ڕووداوەکانی دەوروبەر، چونکە بەو شێوەیە دەتوانێت پەرە بە تواناکانی خۆی بدات و ئەو کارانەی دەیەوێت ئەنجامیبدات بەتایبەتی ئەگەر نوێبونەوە و داهێنانی تێدا بێت . نیوەی ڕاستی مێشك لە رووی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەر دەتوانێت ئەو کارە ئەنجامبدات، بەڵام نیوەی چەپ زیاتر بە شێوەیەکی واقعیانە کارەکان ئەنجامدەدات، هەوڵدەدات لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بیگونجێنێت، شیکردنەوەی گونجاو بۆ شتەکان و ڕووداوەکان دەکات و پلانی بۆ دادەنێت.

وێنەی 2 لای ڕاست و چەپی مێشك :




سەرچاوەی وێنە (گۆگڵ)

پەیوەست بە پەیوەندی زمان و مێشك جاکندۆف دەپرسێت( مێشك چۆن دەبێتە ژینگەی زمان؟ چۆن پێکەوە پەیوەست دەبن و کارلێکدەکەن؟)(احمد، 2019: 359) جاکندۆف ئەوە بەپەیوەندی وێناکردن و سیستەمی دەمارییەوە پەیوەستدەکات لەچارەسەرکردنی مژاری زماندا، ئەو دەیەوێت پەیوەندی نێوان کردەی درککردن کە ئەرکی سیستەمی دەمارییە و کردەی جوڵە کە ئەرکی سیستەمی جوڵەیە بخاتەڕوو، ئەو پەیوەندییەی بەرپرسە لە وێنەکێشانی جیهانی دەرەوە و خستنیە ناو مێشکمانەوە بوونی بەبیرۆکە و لەمێشکیشەوە بۆ ئاکار و ڕەوشتمان . ئاکارەکەش کاردانەوەی تەواوی کردەکەیە، ئەو تێکردە و دەرکردە لە مێشکەوە بۆ دەرەوە و بەپێچەوانەوە بەهۆی سیستەمی دەمارییەوە دەبێت . وەك لە هێڵکاری ژمارە(1) خراوەتەڕوو:

هێڵکاری1




سەرچاوەی هێلکاری(احمد"2019: 362) .

2-2- پەیوەندی نێوان بەشەکانی مێشك

هەردوو بەشی مێشك پەیوەندی پتەو لەڕێی ڕیشاڵەدەمارییەکانەوە وابەستەیکردوون، ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان لەنێوان بەشەکانی مێشکدا بەپێی بارودۆخی کەسەکان دەبێت،(بەئاگایی ، بێئاگایی" نوستن..تد). پەیوەست بە زمانەوە ئۆبلەر پەیوەندی نێوان بەشەکانی مێشك زۆر لەوە فراوانتر دەبینێت کە وتراوە، ئەوەی ئۆبلەر گرنگی پێدەدات، لای ڕاستی مێشکە چی لەتوانایدا هەیە و چی پێشکەش دەکات لەپێناو تێگەیشتندا، ئەوەی زۆر باوە و زمانەوانی جەختی لەسەرکردووەتەوە ئەوەیە، کە زمان و شوێنی زمان دەکەوێتە لای چەپی مێشکەوە، بەڵام ئۆبلەر بۆچونی جیاوازی هەیە، ئەو پێیوایە بەشێك لە دۆخەکانی وەك( هەست و سۆز ، هەڵچوون، پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەزمانەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە چۆنییەتی پەیوەندی گرتنی مرۆڤەکانەوە هەیە، دەکرێت زمان هۆکارێك بێت بۆ هەڵچوون و وروژاندنی سۆز و هەستی تاك بەڵام چی بۆ دۆخێك دەوترێت کە بینین یان بیستن یان بەرکەوتن دەبنە هۆکاری هەڵچوون و وروژاندن ، بۆنموونە بیستنی میوزیك وروژاندن لای تاك دروست دەکات، بەڵکو هەندێکجار لەگەڵ نمایشکردنی شانۆیەك، خوێندنەوەی دەقێکی شیعری بوونی میوزیك کاریگەری هێندەی کاریگەری زمانی لەسەر گوێگر و هۆکاری وروژاندنی نەبێت کەمتر نییە، هەروەها تێڕامان لە تابلۆیەك کە هیچ زمانێکی تێدا بەکارنەهاتبێت بۆخۆی هەست و سۆزی بینەرەکە دەجوڵێنێت و دەیوروژێنێت، ئەمە داهێنانە و لای ڕاست بەهەماهەنگی لەگەڵ لای چەپی مێشك ئەنجامی دەدەن، ئەمەش وایکرد زمانەوانان شوێنی هێمانازمانییەکان بەلای ڕاستی مێشك دابنێن(احمد،2020: 184) .

مۆدیلی ئۆبلەر ئەوە دەسەلمێنێت کە لای ڕاستی مێشك بەرپرسە لە بەشێکی تێگەیشتن بەتایبەتی لایەنی پراگماتیك هەر لەوڕووەوە ئۆبلەر پێی وایە، بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەوەی لای چەپی مێشك هاوکارە لە درکاندن و درککردن لە زماندا پێویستە ئەو ڕاستییەش بسەلمێنرێت کە هەر گرفتێك لە لای ڕاستی مێشك هەبێت گرفت لە چالاکی پراگماتیکی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. هەربۆیە ئۆبلەر دەڵێت((بەڵێ ڕاستە بەشی زۆری چالاکی زمانی لە سەرئاستەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس پەیوەستن بەبەشی لای چەپەوە، بەڵام لای ڕاستیش لەزۆرێك لە دیاردەکانی پارەزمانیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆ نمونە ئاواز چ لە جیاکردنەوەی دروستەزمانییەکاندا بێت یان لەپەیوەندیکردندا بێت، سەرچاوەی هەڵچوون بێت، بەشی لای ڕاست لێیبەرپرسە ))(اوبلر،2010 :231) وەرگیراوە لە(احمد"2020: 185) .

چالاکی لای ڕاستی مێشك لەئاستی پارەزمانییەکاندا ناوەستێت بەڵکو توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە دیاردەکانی پەیوەندییەواتاییەکانی وەك هاوبێژ و فرەواتا و بەڵکو میتافۆریش دەکەوێتە لای بەشی ڕاستی مێشکەوە هەروەها تواناکانی لێکدانەوەی گاڵتە و گەپ و گوتن بەپێی

دەوروبەری پێویست دیسانەوە ئەرکی لای ڕاستی مێشکن، (احمد،2020 231 ) . بۆنمونە بەرکەوتەی لای ڕاستی مێشك بەتەواوی لە ڕستەی ( ئەوە مانگە بۆلامان دێت ) تێناگات و نازانێت واتای مانگ لەو ڕستەیەدا میتافۆرە و وشەکە بۆ مەبەستی دروستی خۆی بەکارنەهاتووە . ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە لای ڕاستی مێشك بەرپرسە لە لێکدانەوەی چەند جۆرێك لەواتا لەوانە واتای میتافۆری و پراگماتیکی.

بەلای (ئۆبلەر)هوە لای ڕاستی مێشك کاریگەری لەسەر هەموو ئاستەکانی زمان هەیە، چونکە هەموو ئاستێك لە ئاستەکانی زمان ڕۆڵی خۆی هەیە لە فەراهەمکردنی واتای پراگماتیکیدا، هۆکاریشی ئەوەیە هەموو پەیامێك لەرێی کەتیگۆریە زمانی و ئەرگویمێنتەکانەوە لە ئاوەزدا بنیاتدەنرێت و لە کردەی پەیوەندیکردندا لەنێوان قسەکەراندا ئاڵوگۆڕدەکرێت . ئەوەی مەبەست بێت ئەو پەیامانە واتای پراوپڕ و مەبەستی تەواو هەڵناگرن، بەڵکو پەیامە نەدرکێنراوەکان هەڵگری واتای شاراوەن، ئەو واتاشاراوانە بنیاتنەری واتای پراگماتیکین لە ئاستەکانی زماندا، ئەو نیشانە پراگماتیکییانەی ئاستەکانی زمان لە واتای زمانیی دەربڕینەکان بالاترن و بە( ئاستی زمانەوانی پراگماتیکی) ناسراون(سەرچاوەی پێشوو:246) .

بەشی سێیەم: پراگماتیك و سیستەمی دەماری

3-1- پراگماتیك و توانستی پراگماتیکی

پراگماتیك لە سادەترین پێناسەیدا هونەری بەکارهێنانی زمانە، لەمبارەیەوە لیچ پێی وایە :(ناتوانین بەتەواوەتی لەزمان بگەین ، هەتا لە پراگماتیك و چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لە کردەی گەیاندندا نەگەین.( Lech,1996:8) . بەپێی بۆچوونی کریستاڵ (پراگماتیك بریتییە لە لێکدانەوەی زمان لە ڕوانگەی قسە پێکەران و بەکارهێنەرانی ئەو زمانەوە ، بەتایبەتی لە چوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاند)( ,Crysal D.2003.p364 ) توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندوە بەشێکی زۆری کەرەستەی زمانان مارکە لێنەدراون، واتە نیشانە نەکراون(بۆزیاتر بڕوانە(مەعروف"2020: 44)، هەربۆیە ئەو زمانانە بەزمانانی سێمانتیکی پۆلێنکراون و فۆرمە زمانییەکانی ئەو زمانانە هەمیشە پێویستیان بە بەکارهێنانە بەمەبەستی گەیاندنی واتا و مەبەستی نوێ، بەکارهێنانەکان سەرەتا دەبنە خاوەنی نواندی ئاوەکی و کردەکە لەئاوەزدا دەبێت، پراگماتیکیش پێش قۆناغی نواندنی دەرەکی واتە فۆرمی فۆنەتیکی بەرهەمی بابەتگەلێکی گرنگی لای ڕاستی مێشکن(اوبلر،2017: 19) ، کە ڕۆڵی سەرەکییان لەپەیوەندی کردندا هەیە و یەکێکە لەئەرکە سەرەکییەکانی زمان. هەروەها پراگماتیك پشتبەستوو دەبێت بە توانستی پراگماتیکی، کە پێکهاتەیەکی کارای بنیاتی ئاوەوەی مێشکە . بەهای ئەم جۆرە توانستە بەرامبەرە لەگەڵ بەهای توانستی زمانیی مرۆڤ ، دیارە ، توانستی زمانیی مرۆڤ ئەو دەسەڵاتەی بۆ فەراهەمناکات ، کە لەهەموو هەڵوێستێکدا کردەی گەیاندن و بەردەوام بوونی پەیوەندی ئەنجام بدات ، بەڵکو ئەوەی ئەو توانایە بە قسەکەر دەبەخشێت ، کە لەدەوروبەرە جیاوازەکاندا بەردەوام بێت لەپەیوەندیکردن ، توانستی پراگماتیکییە .

هەر ئەو توانستەیە توانا شاراوەکانی قسەکەر لەهەڵوێست و دەوروبەرە جیاوازەکاندا چالاکدەکات . توانستی پراگماتیکی بناغەی سەرەکی توانای بنیاتنانی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگرە. لێکدانەوەی پراگماتیکی لە تیۆری سینتاکسی ئەرکیدا بەپێی هەڵوێستەکان و لەئاوەزدا دەبن، هەر بۆیە کردەی ئاراستەکردنی واتای پراگماتیکی لەلایەن قسەکەرەوە لەئاوەزدا دەبێت و کردەی تێگەیشتنیش لە واتای پراگماتیکی لەلایەن گوێگرەوە هەر لەئاوەزدا دەبێت .(محەمەد" : 2020 ) بەمەش تەواوی کردەکانی زمانیی لە ئاوەزدا ڕوودەدەن و لە ئاوەزیشدا خانە و دەمار هەڵگری زانیارییەکانن .

توانسی پراگماتیکی پشت بە توانستی ئاوەزی*(مەلەکە)ی مرۆڤ دەبەستێت . زۆرێك لەزمانەوانان بۆ ئەو مەبەستە پێنج جۆر لە توانستی ئاوەزی تاك دەستنیشان دەکەن، کە بریتین لە :(توانستی ئاوەزی زمانی ، توانستی ئاوەزی لۆجیکی ، توانستی ئاوەزی مەعریفی ، توانستی ئاوەزی درککردن ، توانستی ئاوەزی کۆمەڵایەتی ) . هەریەکێك لەو توانستە ئاوەزییانە یارمەتی قسەکەر دەدات، لە بەرهەمهێنانی وتەی پێویست بەپێی تیکردەکان ودەوروبەرەکان .

2-3- پراگماتیك و سیستەمی دەماری

بەپێی بۆچوونی ویدوسون بۆ لێکدانەوەی واتا تاکەکان پێویستییان بە سیما جیهانبینییەکانی خۆیان هەیە، ئەو سیما جیهانبینییانە وێنە ئاوەزییەکانن ، بەویێیە بۆ لێکدانەوەی واتای پراگماتیکی دەوربەر بوونی نامێنێت، ئەوەی گرنگە وێنە ئاوەزییەکانە واتە دەورەبەر بیرۆکەی وێنە ئاوەزییەکانە و لەدەرەوەی وێنەکان نییە، وێنەکانیش لەئاوەزدان، کەواتە واتای پراگماتیکی وەك جۆرێکی سەرەکی واتا لە ئاوەزدایە و لەدەرەوە و پەیوەست نییە بە دەوروبەرەوە بۆ زیاتر بڕوانە(ئەحمەدو حەسەن"2017× 65 ) . لە 1-4- ئاماژەمان بۆئەوەکرد( ئوبلەر) بۆچوونی وایە کە لای ڕاستی مێشك بەرپرسە لە واتای پراگماتیکی، لەم پارەدا بەبەڵگەی زانستی و نمونەوە ئەوە دەسەلمێنین کە سیستەمی دەماری مرۆڤ بەتایبەتی لای ڕاست بەرپرسە لە چەندین چالاکی مرۆڤ و دیارترینیان پراگماتیکە . (گریت ڕیچارد) مێشکی بۆ دووبەشی سەرەکی دابەشکرد، دیارە ئەوەش سەلمێنراوە، کە هەردووبەشەکەی مێشك لای ڕاست و لای چەپ بە تۆڕێکی زیاتر لە سەدان ملیۆن ڕیشاڵەدەمار پێکەوە بەستراون و زانیارییەکان ئاڵوگۆڕدەکەن، لەمڕووەوە زمانەوانی درکپێکردن ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە لە مێشکدا توانستی زمانی و توانستی پراگماتیکی و توانستی چەمك کە تەواوی کۆزانیاری مەعریفی تاکی تێدا هەڵگیراوە، کاری پێکەوەیی پێرەوێکی کارلێکی پێکدەهێنن(ئیسماعیل"2015: 11). (ڕیچارد)بۆچوونی وایە کە ئاخاوتن و خوێندن پەیوەستن بەلای چەپی مێشکەوە بەمەش ئەو بەشە بەرپرس دەبێت لەبەرهەمهێنانی زمان، هەروەها بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان لەئاستی فۆنۆلۆجیدا وەك دەنگەکانی(ب " b پ p ) دیسانەوە لای چەپ بەرپرسە(احمد،2020: 232)، هەروەها کردە مۆرفۆلۆجیی و سینتاکسییەکان و بەشێك لە مژارەکانی واتا و یادگەکان لەبەشی چەپی

مێشکدا چارەسەردەکرێن، دیارە ئەم بابەتە زمانییانە هەمووی لەڕێی تۆڕێکی پەیوەندی دەماری کە سەدان ملیۆن دەمار و ڕیشاڵەدەماری و خانەی دەماری لەخۆدەگرێت بەڕێوەدەبرێت، پەیوەست بە لای ڕاستی مێشکبۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(بن شهداء،2015: 92-95) ڕیچارد پێیوایە، دەکرێت بەرپرس نەبێت لە زمان و نووسین چونکە ئەوبەشە هەستێکی زمانی زۆری نییە، هەندێك توانای بەرهەمهێنانی زمانی هەیە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکات، لای ڕاست خاوەنی فەرهەنگێکی ئاوەزی سنوردارە و توانای سینتاکسیشی زۆر کەمە، بەڵام لای ڕاستی مێشك بناغەی وەرگرتن و تێگەیشتنە لە زمان. بۆزیاتر بڕوانە(جبل،2007: 12)، چونکە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا، بناغەی پراگماتیکیش بە کردەی پەیوەندیکردنەوەوەیە بۆیە بناغەی بنیاتنانی پراگماتیك دەکەوێتە لای ڕاستی مێشکەوە ئەمە و تێگەیشتن لە واتا و مەبەست بەپێی هێز و ئاواز و زمانی گاڵتەوگەپ ئەرکی لای راستی مێشکن، ئەمانە پێشتر ئوبلەر ئاماژەی بۆکردووون، واتە ڕاستییەکی زانستییە و پێویستە بچەسپێنرێت، واتە لای ڕاستی مێشك بەرپرسە نەك تەنها لە پراگماتیك وەك بابەتێکی گرنگی زمانی و سەرچاوەی سەرەکی پەیوەندیکردن بەڵکو ئاستێکی بەرزی درککردن لە لای ڕاستدایە، کە هەرگیز بە لێکدانەوەی زمانی دابڕاو لە لایەنی کۆمەڵایەتی بەجێناهێنرێت، لەوەش زیاتر لای ڕاستی مێشك ڕۆڵی کاریگەری لە هەڵسوکەوت و ڕەوشتی کەسەکاندا بەرانبەر بەیەك هەیە. بەگشتی لای ڕاست بەپێی بۆچوونی ڕیچارد چەند ئەرکێك بەجێدەهێنێت :

1- تیگەیشتن لە زمان، چونکە لای ڕاست وێنایەکی گشتی دەربڕاوە زمانییەکە لەڕووی چەمك تێگەیشتنییەوە دەخاتەڕوو .

2- پەیوەندی کۆمەڵایەتی، تێگەیشتن و پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ بنیات دەنێت، بەواتا و مەبەستێك کە لە دەربڕین و پەیامە زمانییەکەدا نییە.

3- تێگەیشتن لەلایەنی پراگماتیکی کە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی گوتار و خستنەڕووی مەبەست و ناوەڕۆکێك کە ئاماژەی بۆ نەرکاوە . بۆنموونە : گاڵتەوگەپ یەکێك لەپێوەرەکان بۆ زانینی کاری هەردوو بەشی مێشکی مرۆڤ کاردانەوەیەتی بۆ دەربڕراوە گاڵتە ئامێزەکان، چونکە ئەو کەسانەی گرفت لەلای ڕاستی مێشکیاندا هەبێت تەنها لە پەیامە زمانییەکەی دەربڕینەکان دەگەن، گالتەوگەپ بۆ ئەو کەسانەی لای ڕاستیان بەرکەوتوە دەبێت جێی سەرسوڕمان دەبێت بەتایبەتی گەر لەناو گروپێکدا بێت، ئەوان پێبکەنن و ئەمیش هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت . هۆکاری ئەو دۆخەش گرفتێکە لەبەشی لای ڕاست، کە خوێندنەوە بۆ واتا شاراوە و باسنەکراوەکانی ناو پەیامەکان دەکات و کەسەکەش لەو خوێندنەوانە و پەیبردنانە بە واتاشاراوەکان بێبەشدەبێت . نمونەی ئەو جۆرە گرفتانە لە کۆمەڵدا زۆرە و ڕۆژانە بەرچاودەکەون، کەسانێك دەبینین کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان وەك پێویست نییە(دوای ئەوەی ئاخێوەر پەیامی خۆی پێشکەش دەکات، ئەم پەیامە دەبێتە وروژێنەرێك لەڕێی هەواوە بەر هەستی گوێ دەکەوێت، ئەویش لەڕێگای دەمارەکانەوە)(دزەیی"2014: 94) هەر گرفتێك لە پرۆسەی گواستنەوەکە، کە لەڕێی دەمارەوە دەبێت، دروست ببێت گرفت بۆ تێگەیشتن دروست دەکات، ئەمەش ئەو دۆخەیە کە هەندێك کەس دووچاری دەبن لە کردەی تێگەیشتندا بەتایبەتی گاڵتەوگەپ کە زانیارییەکان پێویستە بگویزرینەوە بۆ لای ڕاستی مێشك .سوکایەتیپێکردن، گرفتێکی تری تێنەگەیشتنە لەلایەن ئەو کەسانەی بەشی ڕاستی مێشکیان گرفتی هەیە، چونکە مەرج نییە واتای زمانی دەربڕینێك تەواوی پەیامی قسەکەر بگەیەنێت، بەڵکو دەبێت دەربڕینەکان بکەونە ژێر کاریگەری و شیکردنەوەی بەها کۆمەڵایەتی و هەست و سۆزی تاکەوە تا مەبەستەکە بە تەواوی بگات ، ئەمەش بەشی ڕاستی مێشك پێیهەڵدەستێت . هێز و ئاواز(کەرەستە ناکەرتییەکان) وەك یەکەیەکی زمانی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام شوێنی ئەو یەکە زمانییانە بەشی ڕاستی مێشکە نەك چەپ، بەمەش ئەوە بەشی ڕاستە بەپێی هێز و ئاواز دەگات بە مەبەستی پەیامەکان (احمد"2020: 234).

گەر پێشتر ناوچەانی زمان تەنها لای چەپ بوون بەڵام لەڕاستیدا ئێستا بەهۆی ئەو تەکنۆلۆجیا پێشکەوتووەوە بەتایبەتی وێنەی تیشکی( CT scan) دەتوانرێت توێکاری ناوەوەی مێشك بکرێت، بەتایبەتی لەکاتی چالاکییەکانی وەك ئاخاوتن و بیستن، کار و کاردانەوەکان بەپێی کەسەکان لەڕووی تەواوی و ناتەواوی کۆئەندامی دەمارییانەوە زیاتر ڕوونبکرێتەوە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(ئەحمەد"2021: 28) .

بەگشتی دەتوانین بڵێین بەشی ڕاستی مێشك لە چارەسەرکردنی مژارە زمانییەکاندا گەر ڕۆڵی لە بەشی چەپ زیاتر نەبینێت کەمتر نییە، چونکە زمان تەنها کۆمەڵە دەنگ و دەربڕینێکی واتادار نییە، بەڵکو لەزماندا واتای شاراوە و پەیامی زمانی ئەوتۆهەیە، تەنها لای ڕاست لەتوانایدایە پەییان پێببات، بەشێوەیەك هەندێکجار واتا و مەبەستی دەربڕینەکە ئاوەژوو دەکەنەوە . ئەمەش ئەرکی پراگماتیکە، پەیبردن بە واتا شاراوە و پەیپێنەبراوەکانی وتنەکان . .

سەرباری هەموو ئەمانەش ئۆبلەر پێیوایە هەندێك گرفت لە بەشی چەپی مێشکیش دەکرێت گرفت بۆ توانای پراگماتیکی تاك دروست بکەن، گرفتەکان کاریگەریان لەسەر گفتوگۆکانی تاك دەبێت. ئەوەش کاتێك دەبێت گرفت بۆ بەرهەمهێنانی زمان دروست ببێت، کە سەرچاوەی بنیاتنانی واتای سێمانتیکی پراگمتیکیشە، یەکەم لە واتای زمانییەوە مەبەست دەگەیەنێت دووەمیان پێویستی بە لایەنی ڕاست دەبێت بەڵام پێشتر پێویستەخاوەنی بنیاتێکی زمانی دروست بێت، کە لە بەشی لای چەپی مێشکدا بەرهەمدێت(احمد"2020::241) .

پێشتر و لە 2-2-ی توێژینەوەکە ئەوە خرایەڕوو، کە لای ڕاستی مێشك بەرپرسە لە کردە نازمانییەکان، ئەوکردانەش تەواوکەری زمان و تێگەیشتنن لە زمان، چونکە مژارەکانی وەرگتن و بەرهەمهێنانی زمان

لەلای چەپی مێشکەوە چارەسەردەکرێن، ئەوەش بە گۆڕینی بۆ کۆدی زمانی لە قۆناغی بەرهەمهێنان و دواتر شیکردنەوەی کۆدەکان لە قۆناغی تێگەیشتن لە زمان، پرۆسەی بەکۆدکردنیش ( چەند توخم و کەرەستەیەکن دەتوانرێت لێکبدرێن، کەرەستەی نوێ و ئاڵۆزتری لە زماندا لێبەرهەمهێنرێت، ئەوانەیش دەنگ و فۆرمەکانن، کە دەکرێت لێکبدرێن یان لەتەك یەکەوە ڕیزبکرێن بۆئەوەی وشە و فرێز و ڕستەیان لێپێکبهێنرێت، ئەو وشە نوێیە کە لە چەند دەنگ و فۆرمێك پێکدێت و واتا دەگەیەنێت و بۆ کردەی لەیەکگەیشتن بەکاردەهێنرێت، دەبێت بە کۆد ( مەحوی،2009 : 139 ) ) کردەی بەکۆدکردن لە ئاوەزدا و بەپێی چەند یاسایەك دەبێت . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(مەحمود"2012: 84) کۆدەکان مەحکومی ئاوەزمەندی تاك دەبن ، دوای ئەم کردەیە لەڕێی ئەو تۆڕە دەمارە ڕیشاڵییە دەیان ملیۆنییەوە کە هەردووبەش بەیەکەوە دەبەستنەوە دەنێردرێن بۆ بەشی لای ڕاست بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ناوەرۆك و واتا شاراوە دەرنەبڕاوەکەی، ئەمەش ئاستێکی سەرووی زمانە یان زمانی باڵایە . هەروەها بەڵگەی ئەوەیە کە زمان تەنها دەنگ و وشە وڕستە نییە، بەڵکو چەندین دیاردەی نازمانی وەك هێما و ڕەمز و نیشانە و واتای میتافۆری وەك ڕەگەزی سەرەکی بەکاردەهێنرێن لە کاتی ئاخاوتندا بە مەبەستی پەیوەندیکردن و بۆ تێگەیشتن لە زمان، وەکو بەڵگەی بونی ئەم بەشە و ڕۆڵی لەکردەی تێگەیشتن بە شێوازیکی ڕاست و دروست، ئاماژە بە چەند گرفتیك دەکەین، کە توشی لای ڕاستی مێشك دەبن و کاردانەوە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئاخاوتن و تێگەیشتنی کەسەکان دەبێت .

3-3- نەخۆشییەکانی زمان پەیوەست بە مێشکەوە

3-3-1-لەتبوونی مێشك

یەکێك لەو نەخۆشییانەی تووشی مێشك دەبێت پچڕانی بەشێك لەو ڕیشاڵە دەمارییانەیە، کە هەردووبەشی ڕاست و چەپی مێشك بەیەکەوە دەبەستنەوە، بەمەش پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەنێوان هەردووبەشی مێشکدا بە دروستی ئەنجام نادرێت، بۆ تێگەیشتن لەزمانیش وەك چالاکییەکی مرۆڤ هەردووبەشی مێشك پێویستن، لەبەرئەوە دابڕانی تەواوی یان بەشیی هەردوولای ڕاست و چەپی مێشك لە یەکتر گرفت بۆ تێگەیشتن لە زمان دروست دەکات، پەیامی زمانیی قسەکەر لای گوێگری تووشبوو بە نەخۆشی لەتبوونی مێشك، تەنها لە واتای زمانیی گوتنەکاندا دەمێنێتەوە و لەواتا و مەبەستی تەواوی ئاخاوتنەکە ناگات، لەبەرئەوە بەلای هەندێکەوە ئەم نەخۆشییە بە نەخۆشی دابڕانی واتا و لێکتێگەیشتن ناسراوە.ئەم نەخۆشییە زیاتر لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم کاری لەسەرکرا، ئەوەیش لە پێناو چارەسەرکردنی جۆرە پەرکەمێك کە تووشی ئەو کەسانەدەبوو مێشکیان نەخۆشی لەتبوونی هەبوو، ئامانجیشیان ڕێگریکردن بوو لە گواستنەوەی نەخۆشییەکە لە نێوان هەردوو بەشی ڕاست و چەپی مێشك، بۆ ئەوەی بزانرێت کاردانەوەکانیان لە کاتی بەرهەمهێنانی یان تێگەیشتن لە زمان چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێت.(جبل"2007: 60) .

ئوبلەر لەوڕووەوە پێیوایە گەر لای چەپی مێشکی کەسێك لەکاربکەوێت یان تووشی زیانێکی زۆر ببێت، شتێکی لۆجیکی و ئاسایی دەبێت کە چاوەڕێی ئەوە بکەین لای ڕاست قەرەبووی بەشێك لە توانا زمانییەکانی کەسەکە بکاتەوە، کە لای چەپ پێشتر پێی هەڵدەستا، ئەمەش توانایەکی شاراوەیتری مێشکە(احمد"2020: 237) .

لە تاقیکردنەوەیەکدا لەسەر چەند نەخۆشێك، کە تووشی لەتبوونی مێشك بووبوون، هەردوو پزیشك(گازنگیا و زیپڕیی ) هەستان بەپیشاندنی چەند وشەیەکی نووسراو و بەرانبەر بەوە سەرچاوەکانی زانیارییەکانیان لەگەڵ چەند شتێکیتردا پیشانی نەخۆشەکان دەدا، تا بزانرێت سەرچاوەی وشە نووسراوەکان دەزانن، لە ئەنجامدا بینینان بەڵێ دەتوانن وشەکان بۆ سەرچاوەکانیان بگێڕنەوە، هەڵبەت لەڕێی ئاماژەبۆکردنەوەوە، ئەزمونەکانی ئەو دوو پزیشکە بەردەوام بوو لەگەڵ ئەو نەخۆشانەی تووشی لەتبوونی مێشك بووبوون تا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە بەڵێ نەخۆشەکان دەتوانن لەڕێی لای ڕاستی مێشکەوە تەنانەت لە ئاخاوتن و نووسینیش تێبگەن.( (بایلز، 2017 :23)

پێویستە ئاماژە بۆئەوە بکرێت کە لابردنی نیوەی لای ڕاستی مێشك ئاسانترە و کاریگەری کەمترە لەلابردنی لای چەپ چونکە لابردنی لای چەپ منداڵ تووشی گرفتی زۆرزیاتر دەکات، بەپێچەوانەی ئەوانەی لای ڕاستی مێشکیان هەڵدەگیرێت کە وەك منداڵێکی ئاسایی ژیان دەگوزەرێنن لەگەڵ بوونی گرفتی تێگەیشتنی تەواو لە زمان، چونکە لای چەپ دەتوانێت قەرەبووی بەشێکی زۆری ئەرکەکانی بەشی لای راست بکاتەوە بەڵام نەك هەمووی(سەرچاوەی پێشوو:35) ئەمەش بەئەوەمان دەگەیەنێت کە :

1- گرفتی ئەندامی دەبێتە مایەی گرفتی پراگماتیکی بەهۆی نەگەیشتنی خوێن بە توێکڵی مێشك.(توێکڵی مێشکیش بەرگێی لۆچداری نەرمی خوڵەمێشییە هەردوو بەشی مێشکی داپۆشیوە، ئەو توێکڵە ملیارەها خانە دەماری لەخۆدەگرێت و گرنگییەکی زۆری هەیە پەیوەست بە زمانەوە(جبل"2007: 11) .

2- هەردوولای ڕاست و چەپی مێشك دەکرێت یەکسان بن چونکە لەکاتی تێکچوونی لایەکیان توانای جێگرتنەوەی یەکتریان هەیە و دەتوانن تاڕادەیەك ئەرکەکانی یەکتر بەجێبهێنن .

3- باڵادەستی لای چەپی مێشك واتای زمانیی و بنەڕەتی وتنەکان ڕووندەکاتەوە نەك واتای پراگماتیکی .

کاتزانیجا، لە ساڵی 1982 لەنێوان 44 نەخۆشی تووشبوو بە لەتبوونی مێشك، بۆیدەرکەوت دوانیان توانیویانە توانای زمانیی لای ڕاستیان گەشەپێبدەن، بۆنموونە تێگەیشتنی تەوایان هەبوو بۆ ئەو تێکردانەی لەشێوەی ئاگادارکردنەوەدا دەگەیشتە لای ڕاستی مێشکیان، هەروەها لە توانایاندابوو ناوی شتەکان بنێن و فەرمانبدەن و تەنانەت توانای درککردنیان هەبوو بەهەرهەڵەیەك لە واتای سێمانتیکی ئەو ڕستانەی دەگەیشتە لای ڕاستی مێشکیان . لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی زمانی لە

لای چەپی مێشکی ئەو دوو نەخۆشە بوو. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی دۆخەکە (کاتزانجیا) یەکێك لە نەخۆشەکان بەناوی(P.S) تاقیدەکاتەوە بەوەی زنجیرەپارچەیەکی لاکێشەی بریسکەداری کە هەریەکە بۆ وشەیەك تەرخانکرابوو خستە هەرێمی بینینی لای ڕاستییەوە(نیوەی لای چەپی مێشك) و وشەیەکیش بۆلای هەرێمی بینینی لای چەپ(نیوەی لای ڕاستی مێشك) هەڵبەت ئەو زانیارییانەی لەرێی وشەکانەوە لای ڕاست و چەپەوەدەگات بۆ مرۆڤێکی ئاسایی یەکدەگرن، ئەوەی جێی سەرنجبوو ( P.S) لە زانیارییەکان گەیشت بەڵام باسەکەی بەشێوەی جیاواز گێڕایەوە، سەرەتا تێکردەکانی لای چەپی گێڕایەوە بێئەوەی گرنگی بە تێکردەکانی لای ڕاست بدات هەتا زۆری لێکرا. ئەمەش بەڵگەی ئەوەبوو کە لە کاتی نەخۆشی لەتبوونی مێشکدا پەیوەندی لەنێوان هەردو بەشی ڕاست و چەپی مێشك دەپچرێت یان وەك پێویست نابێت و تێکردەکانی لای ڕاست و چەپ پێکەوە پەیوەست نابن بەمەش لێکدانەوەی پراگماتیکی لەناودەچێت. (احمد، 2020 :238) .

ئەو حاڵەتە لە منداڵدا بەڕوونی دیارە، بەڵام بۆگەورە دۆخەکە جیاواز دەبێت، مۆنیکا شفارتز پێیوایە بەشی لای ڕاستی مێشك بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە زمانەوە هەیە، بۆ ئەو مەبەستە نمونەیەك دەهێنێتەوە ودەڵێت(( ئەگەر داواکرا لەکەسێکی نەخۆش(بەرکەوتەی لای ڕاستی مێشك) ناوێك لەو شتە بنێت کەبۆی دەگەڕێت بەهۆی بەشی لای چەپی مێشکەوە وەڵام دەداتەوە، بەمەش لای ڕاستی مێشك دابڕاو دەبێت لە زمان، توێژینەوەکان ئاماژە بۆئەوە دەکەن، کە هەماهەنگی ئەرکیی تەواو لەنێوان هەردوو بەشی لای ڕاست و چەپی مێشکدا نییە،بەڵام ئەوانەی تووشی نەخۆشی زمانگرتن دەبن ئەوا هەردوو بەشی مێشك لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنن(بن شهداء،2015: 91)، هەر لەو ڕووەوە چەند زانایەکی بایۆلۆجی وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر بەوانی کە هەر]مەکانی زمانیان دەستنیشاندەکرد، لە لیکۆڵینەوەکانیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە پرۆسەی بەرهەمێنان و تیگەیشتن لە زمان و ئاخاوتن کاری مێشکە بەهەردوو بەشەکەیەوە وەك یەکەیەکی یەکگرتوو(بایلز، 2017 :16) وئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لای ڕاستی مێشکیش بەرپرسە لە هەندێك ئەرکی زمانیی.

دابەشکردنی ئەرکی لەنێوان هەردوو بەشی ڕاست و چەپی مێشك بە( دەسەڵاتداری لاوەکی)ناسراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر بەشەێك لەبەشەکانی مێشك ئەرکی دیاریکراوی خۆی هەیە و جیاوازە لەئەرکی بەشەکەیتر))،(احمد2020،:237 ) . پەیوەست بە زمان ئەوا لای چەپ بەرپرسە لە ڕێزمان و درکاندن و کەچی بەشی لای ڕاست بەرپرسە لە واتای شاراوە و هەڵچوون ..تد)، کاریگەری تووشبوونی لای ڕاستی مێشك لە توانای پراگماتیکی کەسی تووشبوو لەلایەن ئۆبلەرەوە پشتڕاستکراوەتەوە کە دەڵێت((ئەو لایەی مێشك (مەبەستی لای ڕاستە) ئەندام و بەشی بەرپرس لە پراگماتیك لەخۆدەگرێت، گەر تووشی زیان بێت زیان بەتوانای پراگماتیکی کەسەکە دەگات، کاریگەرییەکانیشی لە ڕەوشتی ئەو کەسانەدا دەردەکەوێت بەرانبەر بە کەسانیتر ئەووەش لایەنی پراگماتیکە چونکە لایەنی پەیوەندیکردن دەگرێتەوە(اوبلرو جیرلو"2010: 117 )) وەرگیراوە لە (سەرچاوەی پێشوو) ئۆبلەر باس لە گۆڕانکارییەکانی ئەو کەسانە دەکات کە لای ڕاستیان تووشی زیان دەبێت و دەڵێت((ئەو کەسانە وەك پێش تووشبوونیان بایەخ بە خۆیان و جەستەیان نادەن، لە ڕوومەتیان و ئاخاوتنیاندا هەست بە کەمتەرخەمی و پەژموردەیی و بایەخ بەشت نەدان دەکرێت ، لەناوکۆڕو کۆمەڵدا وەك ئەوەی نەبن وان، بەڵکو هەندێکجار بابەتگەلێك دەهێننە ناوەوە، کە هیچ پەیوەندی بە ئاخاوتنی کەسەکانەوە نییە، زۆرجار بابەتی سەیر و نامۆ دێننە ناوەوە وەك بابەتی سێکسی بێئەوەی باسبکرێت. زۆرجار دووردەکەونەوە لەو بابەتی قسەی لەسەردەکەن و ناتوانن بگەڕێنەوە سەرهەمان بابەت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لای ڕاستی مێشك ڕۆڵی زۆری هەیە لە پەیوەندیکردن و لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی زماندا(اللغه والدماغ 105 ) وەرگیراوە لە (احمد،2020: 239) .

3-3-2- ئەفازیا و جۆرەکانی

ئەفازیان جۆرە نەخۆشییەکە تووشی مێشك دەبێت، کاریگەری ئەو نەخۆشییە زیاتر لەسەر ئەو ناوچانەی مێشك دەبێت، کە بەرپرسن لە زمان، چونکە نەخۆشییەکە لەئەنجامی تێکچوونی ئەو ناوچانەوە سەرهەڵدەدات، بەلای هەندێك لە زمانەوانانەوە ئەفازیا بە نەخۆشی زمانگیران ناودەبرێت بەڵام ئەو بۆچوونە دروست نییە، زمانگیران دەکرێت دۆخێکی دەروونی کاتی بێت، هۆکارەکەی شەرمکردن ، ترسان...تد بێت بەڵام ئەفازیا ئەنجامی گرفتێك یان خراپبوونی بەشێکە لەمێشك، واتە نەخۆشییەکی دەمارییە و درێژخایەنە و کاتی نییە. بۆزیاتر بڕوانە(حباس2004)(یوسف 1990) .

ئەفازیا چەند جۆرێکی هەیە: ئەفازیای برۆکا تووشی ناوچەی برۆکای بەرپرس لە فێربوون و بەرهەمهێنانی زمان دەبێت . ئەفازیای وێرنیکا تووشی ناوچەی بەرپرس لە تێگەیشتن لە زمان دەبێت . ئەفازیای پەیوەندیکردن تووشی ڕیشاڵەدەمارییە کەوانەییەکان دەبێت کە هەردوو ناوچەی برۆکا و وێرنیکا بەیەکەوە دەبەستنەوە، لە نیشانەکانی ئەم جۆرەی ئەفازیا نەخۆش ناتوانێت ئەو گوتنانەی گوێی لێدەبێت دووبارەبکاتەوە . ئەفازیای لەدەستدانی توانای ناولێنان( Anomia)هۆکاریشی خراپبوونی لۆچە گۆشەییەکانی پشتەوەی ناوچەی وێرنیکایە، ئەفازیای گشتی کە تووشی ناوچەی زمان لەبەشی لای چەپی مێشك دەبێت و جۆرێکی مەترسیدارە و ناوچەیەکی فراوانی مێشك دەگرێتەوە نەخۆش تووشی لاوازییەکی زۆردەبێت لە بابەتی زمان و بەرهەمهێنان و تیگەیشتن ...تد. بۆزیاتر بڕوانە (Taylor,1990:379-380) .

ئەوەی توێژینەوەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە جۆرێکیترە لە ئەفازیا، کە ئەفازیای جیاکار (العازل) ناوبراوە(isolation aphasia ) ئەم جۆرە لە ئەفازیا لە دەروەی ناوچەی بەرپرس لە زمان لە مێشکدا واتە(برۆکا و وێرنیکا) ڕوودەدات و تووشی بەشەکانیتری مێشك دەبێت، دەبێتە هۆی دابڕانی ناوچەکانی زمان لە بەشەکانیتری مێشك. پێشتریش ئاماژەمان بۆئەوەکرد، کە زمان بەتەنها لە بەشی لای چەپی مێشکدا نابێت و پێویستە هەماهەنگی لەنێوان هەردوو بەشی مێشك(ڕاست و چەپ)دا

هەبێت بەوپێیەی بەشێکی واتا و بابەتەکانی هێز و ئاواز لە بەشی لای ڕاستدا چارەسەردەکرێن، کەواتە ئەفازیای جیاکار جۆرەنەخۆشییەکە توێکڵی مێشك لە ناوچەکانی زمان لای چەپی مێشك دادەبڕێت و تووشبوو ناتوانێت بەتەواوی لە زمان و واتاکان بگات، هەرچەندە هەردوو ناوچەی بەرپرس لە زمان لەلای چەپی مێشك تەندروست بن و گرفتێکیان نەبێت. ئەمەش بەڵگەیەکیتری چارەسەرکردنی بەشێك لە گرفتەکانی زمانە لەدەرەوەی بەشی چەپی مێشك. کە زیاتر بەرپرسە لە مسەلەی زمان . (جبل "2007: 49) .

ئەنجامەکان :

1- دەستنیشانکردنی ناوچەکانی زمان لەمێشکدا لە گرفت و نەخۆشییە زمانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، هەنگاوەکان سەرەتا بەدۆزینەوەی هەردوو ناوچەی بەرپرس لە زمان(برۆکا) و (ڤێرنیکا) دەستیانپێکرد، ئەو دۆزینەوەیە بنەمای دامەزراندنی زمانەوانی دەماریبوو، کە زیاتر لەسەر دیاریکردنی ناوچەکانی زمان لەهەردوو بەشی لای ڕاست و چەپی مێشك و گرفتەکانی زمان پەیوەست بە مێشکەوە کاردەکات.

2- جیاواز لە توێژینەوەکانی پێشوو، کە چارەسەرکردنی مژاری زمانیان تەنها بە ئەرکی لای چەپی مێشك دادەنا، لای ڕاستی مێشکیش ڕۆڵی گرنگی لە تیگەیشتن لە مەبەست و پەیامی زمان هەیە، چونکە لای چەپ تەنها توانای ڕوونکردنەوەی مەبەستە زمانییەکانی گوتنەکانی هەیە، ئەوەش بەشێکی کەمی پەیامی ئاخاوتنەکانە، بەشی زۆری واتاکان لە میتافۆر، پراگماتیك، کە پەیوەستن بە هەست و سۆز و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و داهێنان..تد ئەوە لەلای ڕاستی مێشك چارەسەردەکرێن . ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە زمان تەنها لای چەپ نییە و بەشی لای ڕاستیش بەشدارە لە بابەتی زماندا گەرچی لە هەندێك بابەت و بەتوانایەکی کەمتریش بێت.

3- دونیابینی تاك کە سەرچاوەی وێنە ئاوەزیەکانن، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە لێکدانەوەی واتای پراگماتیکیدا، وێنەئاوەزیەکانیش لەڕێی توانا ئاوەزییەکانی تاکەوە لە ئاوەزدا کۆدەبنەوە و کۆزانیاری تاك پێکدەهێنن، بەوشێوەیەش دەوروبەر ڕۆڵی لاوەکی دەبینێت لە فەراهەبوونی واتای پراگماتیکیدا و ئەوەی کردەکە ئەنجامدەدات ئاوەز و وێنەئاوەزییەکانە کە لەناو ملیارەها خانە و ڕیشاڵی دەماریدا هەڵگیراون .

4- مێشك وەك ئەندامی هەرە ئاڵۆز و هەستیاری پێکهاتەی بایۆلۆجی تاك لە چەندین سیستەمی دەماری و خانە دەماری پێکهاتووە، هەر گرفتێك لەو سیستەمە دەمارییە گرفت لە چالاکی تاك دروست دەکات، زمان وەك چالاکییەکی تاك ڕاستەخۆ پەیوەستە بەو سیستەمە دەمارییانەی ناو هەدوولای مێشك(ڕاست و چەپ) لەبەرئەوە ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی هەرێمەکانی زمان دەبن(ئەفازیا ) بە نموونە لە ئاخاوتن و بەکارهێنانی زماندا ڕەنگدەدەنەوە، ئەوەی زیاتر مەبەست بێت ئەو نەخۆشییانەی تووسی لای ڕاستی مێشك دەبن، دەبنە هۆی لەدەستدانی توانای تێگەیشتنی تەواو لە زمان بەتایبەتی لە واتای پراگماتیکی .

- دوای وردبوونەوە و پرسورا لەگەڵ چەند مامۆستایەکی پسپۆری زمان و فەرهەنگ، ئێمە (توانستی ئاوەزی)یمان بە ڕاست زانی بەرانبەر بە (ملکه) عەرەبی و( Qwing)ی ئینگلیزی چونکە تا ئێستا زمانەوانانی کورد لەسەر یەك وشە بەرانبەر بەو چەمکە ڕێکنەکەوتوون .

سەرچاوەکان :


1- ئەحمەد،مەحمود فەتحوڵاو حەسەن، نەریمان(2017)پەیرەو و بنەما سیمانتیکییەکانی درکپێکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین"ساڵی چوارەم،ژمارە 11 .

2- ئەحمەد، تریفە عومەر(2013) پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچونی پێکهاتەکان" ناموی دکتۆران زانکۆی سلێمانی " سکوڵی زمان .

3- ئەحمەد، بڕوا ڕەسول(2021) گەنجینەکردنی زانیاری لە فەرهەنگی عەقڵیدا" نامەی دکتۆرا، زانکۆی ڕاپەڕین .

4- ئیسماعیل، شیلان ئەحمەد(2015) تیکردە بیرییەکان لە تیکەڵبوونی فۆرم و واتادا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی زمان ، زانکۆی سلێمانی .

5- دزەیی، عەبدولواحید موشیر(2013) بەپرۆگرامکردنی سیستەمی دەماری .

6- قادر،کاروان عومەر(2012) سیستمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی" گۆزاری زانکۆی سلیمانی ژمارە(34) بەشی (B)

7- محەمەد"دارا حەمید(2012)شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لەروانگەی پراگماتیکەوە" نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلیمانی .

8- محەمەد، دارا حەمید(2020) سینتاکسی ئەرکی و شیکاری گوتارگۆزاری زانکۆی نەورۆز" دهۆك.

9- 10مەحموود، ئاڤێستا کەماڵ( ٢٠١٢) پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا/ زانکۆی سلێمانی.

10- مەحوی"محمد(2006) ئاوەزدایی ڕێزمانی ناوەرۆك وابەستە" زانکۆی سلێمانی .

11- ــــــــ 2009 ، زانستی هێما ، هێما ، واتا و واتا لێکدانەوە ، بەرگی دووەم ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی

12- مەعروف" عەبدولجەبار مستەفا(2020) لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی" سلێمانی .

13- احمد، عطية سليمان(2019)اللسانيات العصبية, اللغة في الدماغ (رمزية, عصبية, عرفانية) الأكاديمية الحديثة للكتاب الجامعي، القاهرة, مصر

14- احمد، عطية سليمان(2020 )في اللسلنيات العصبية(التداولية العصبية)، الاكاديمية الحديثة للكتاب الجامعى" مصر .

15- السيد.محموداحمد(2012) علم النفس اللغوي، جامعة دمشق , سورية.

16- بايلز، كاترين (2017) اللغة والدماغ ، ترجمة عبدالرحمن طعمة,مجلة فصول، دورية4/25 العدد100 ، الهيئة المصرية العامة للكتاب .

17- بن شهداء،محمد اسماعيل(انتاج اللغة في الدماغ(دراسة في علم اللغة العصبي)Jurnal Lisanu ad-Dhad ، Vol. 02, No. 01, April 2015 .

18- جبل"عبدالكريم محمد(2007) اللغة و المخ(دراسة في علم اللغة العصبي) مجلة كلية الاداب جامعة الاسكندرية اللصدار السادسة والعشرون الملحقة بالعدد(57) .

19- حباس،احمد(2004) الحبسة و انواعها دراسة في علماماض الكلام و عيوب النطق، القاهرة.

20- يوسف، جمعة سيد(1990) سايكولوجية اللغة و المرض العقلي، سلسلة عالم المعرفة 145، الكويت .

18-Leech, Geoffrey . 1996. Principles of Pragmatics .New York

19-Taylor,Insup(1009)psycholinguistics, Learning and using Language, London. Inc .

20- Mey, Jacob . L . .2001 . Pragmatics. an introduction ,Blacwell publishing

21-Crystal . D. A. 2003. Dictionary of Linguistics and Phonetics , Blackwell ; Oxford. London



المستخلص:

معلومٌ أنّ التمثيل الداخلي للمعلومات والمعرفة اللغوية (الصوتية والصرفية والنحوية والدلالية) المخزونة في العقل وفي الجملة العصبية وخلاياها تكون داخليا قبيل تمثيلها كمخرجات لغوية. واللسانيات العصبية بوصفها فرع جديد من فروع علم اللغة تدرس العلاقة بين اللغة والعصب إذ أنّ دراسة منتجات اللغة وفهمها تعد من المسائل المهمة التي تحل داخل الخلاية العصبية وهذه الموضوعات غاية في الأهمية في أبحاث علم اللغة العصبي. اذا يتناول هذا البحث الموسوم (التداولية العصبية) دراسة المناطق المسؤلة عن اللغة في الدماغ. وتكمن مشكلة البحث في أنه لم يدرس من قبل بشكل مفصل في اللغة الكردية، وتحاول الدراسة هذه معتمدة على المنهج الوصفي التحليلي تحديد المناطق اللغوية في الدماغ غيرَ منطقتي (البروكا)و (الويرنيكا) المتواجدتين في الجانب الأيسر من الدماغ. ويقصد هنا وجود مناطق في الجانب الأيمن من الدماغ . ولها دور في حل بعض المسائل اللغوية، واقتضى البحث تقسيمه إلى مقدمة وثلاثة فصول مشيرا في النهاية إلى أهم النتائج ومن ثمّ الإشارة إلى المصادر و المراجع .



الكلمات المفتاحية: التداولية ،الجملة العصبية ، علم اللغة العصبي ، الدماغ



**Abstract:**

The internal representation of linguistic knowledges of all language fields exists in brain nerves. Neurolinguistics is one of the most recent of linguistic fields, which clarifies the relation between language and the structure of brain nerves. The most significant duties of neurolinguistics are the processes of production, comprehension and perception of language communications.

Semantics, which is the scientific study of meaning as on of language activity also exists in brain nerves. The study is entitled neuro-pragmatics tries successively to find the spatial production of pragmatic meaning in brain by applying method of analysis. The study consists of three parts focuses on pragmatic meaning inside human brain.



**Keywords**: Pragmatics, Neurolinguistics, Neuro-pragmatics